HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

# هێلین



# بێکاری و یەکسانی

د.ڤیان سلێمان

کار یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ژیان، بەو پێیەی جیا لەوەی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ بژێوی و ڕاییکردنی گوزەران، ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکان و ڕەخساندنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆیان، بە پێچەوانەوە بێکاری وەک دەروازەیەکە بۆ زۆر کێشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی. بێکاری و کەمی دەرفەتی کار لە ئێستای ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا کێشەیەکی هەرە گەورەیە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان، کێشەیەک هەم حکومەتەکانی تووشی قەیران و هەمیش هاوڵاتیان بە تایبەت گەنجانی دووچاری گرفت و دەردەسەری کردووتەوە.

لە کۆمەڵگەی کوردستانیش بە هۆی قەیرانی ئابوری و خواستی زیاتر بۆ کارکردن لە کەرتی حکومی، هاوکات بوونی فەرمانبەر بە ڕێژەیەکی زیاتر لە پێویست و دەستنەکراوەیی حکومەت بۆ دامەزراندنی دەرچوان لەلایەک و کەمتر ئارەزووکردن بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت لە لایەکی تر؛ بێکاری بووە بە کێشەیەکی هەرە بەرچاو و زۆرینەی لاوان بە تایبەتی دەرچوانی زانکۆی گیرۆدە کردووە و ئەوەش کەسانێکی توشی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەرونی کردووەتەوە. ئەم بارە کاریگەری گەورەی لەسەر هەردوو ڕەگەز ڕەنگە زیاتریش کچان داناوە، بەوپێیەی تا ئێستاش سەرەڕای گۆڕانکاری بەرچاو، بەڵام دابەشکردنی کار و چوونە مەیدانی کار بەپێی ڕوانینی هزری پیاوسالارییە و هەندێک بوار قۆرخ کراوە بۆ پیاو و بە ڕێژەیەکی کەم ئافرەتی تێدا دەبینرێت.

لێرەدا مەبەستمە تیشک بخەمەسەر پرسی یەکسانیی جێندەری لە کێشەی بێکاریدا، یاخود ڕوانین لە بێکاری وەک کێشەیەک بۆ هەردوو ڕەگەز یان تەنها ڕەگەزی نێر، دیارە لە دێرین کاتەوە ئافرەتی کورد بەشدارێکی سەرەکی پەیداکردنی بژێوی خێزان و پرۆسەی ئابوری بووە هاوتای پیاو ڕەنگە زیاتریش، بەڵام هەمیشە دەسکەوت و داهات لە دەستی پیاو بووە و هیچکاتیش کاری زۆر و زەوەندی ئافرەت لە نێو ماڵدا حسابی بۆ نەکراوە، بەڵکو وەک ئەرکێکی تایبەتمەند بە ئافرەت لێی ڕوانراوە، لە کاتێکدا ئەم باوەڕە هیچ بنەمایەکی نییە جگە لە ڕوانینێکی کولتوری پیاوسالاری بۆ ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و ئەوەی زیاتری ویستی باسکردنی ئەم مژارەی لام پێویست کرد، بەکارهێنان و ناوزەدکردنی دەستەواژەی ژنی ماڵە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە نێو ماڵدان و کاریان نییە؛ ئیتر دەرچوی کۆلێژ بن یان هیچ قۆناخێکی خوێندنیان نەبڕیبێ و تەمەنیان هەرچەن بێ، زۆر جار لە ئاخاوتنی ڕۆژانە یان لە فەرمانگەکان و تەنانەت لە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گوێبیستی پرسیارێک دەبین کە ئاڕاستەی کەسەکان دەکرێ سەبارەت بە کار؛ ئەوا تێبینی دەکرێ کەسی پرسیارلێکراو ئەگەر لە ڕەگەزی مێ بێ و کاری نەبێ وەک ژنی ماڵ ناودەبرێ، بەڵام ئەگەر لە ڕەگەزی نێر بێ ئەوا پێی ناوترێ کوڕی ماڵ یان پیاوی ماڵ، بەڵکو وەک بێکار دەناسرێ، کە وەک بێکاریش ناسرا ئیتر وەک کێشەیەک کە پێویستی بە چارەسەرە دەکەوێتە بەرباس و گفتوگۆ.

ژنی ماڵ، کابانی ماڵ چەمکێکی پیاوسالارییە لە زمانی میللی و تەنانەت ڕۆشتۆتە نێو بەڵگەنامە فەرمییەکانیش و لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە پێناسی باری کەسیدا بەرامبەر پیشە بۆ ئەو ئافرەتانەی فەرمانبەر نەبوون دەنوسرا (ربە البیت) لە کاتێکدا بۆ پیاو دەنوسرا (عاتل) واتە بێکار، ئەمەش ڕاستەوخۆ بەستنەوەی ئافرەتە بە کونجی ماڵ و لەوەش خراپتر ناساندنی کارە وەک پیشەیەک بۆ پیاو و بێکاریش وەک کێشەیەک بۆ پیاوی بێکار نەک ئافرەتی بێکار .

ئافرەتی کورد لەمڕۆدا هەنگاوی گرنگی بڕیوە و هاتۆتە نێو گۆڕەپانی ژیان، ئەگەرچی ڕێژەکەش کەم بێ، بەڵام بوارێکی ژیان نابینی ئافرەتی تێدانەبێ، ئەو شوێن و بوارانەی تا دوێنێ قۆرخ کرابوون بۆ پیاو ئێستا ئافرەتیش کاری تێدا دەکات. کاتی ئەوەیە ئەو ڕێژەیە بەرز بکەینەوە و سەربەخۆیی دارایی خۆمان بە بناخەی بونیاتنانی کەسایەتی خۆمان بزانین، بێکاری ئافرەتان بکەین بە کێشەیەکی گەورە کە پێویستی بە پلاندانان و ڕێگاچارە هەیە، کاری ناوماڵ ئەرکێکی هاوبەشی ئافرەت و پیاوە و تایبەت نییە بە ئافرەت، لەهەمانکات نرخی ئابوری بە کاری ئافرەتان لەنێو ماڵ بدرێ وەک کار حسابی بۆ بکرێ نەوەک ئەرک. لە هەمانکات ئەوەشمان لە بیر بێت، ئێمە کە لە ماڵین ئەوە خواستی خۆمانە و بەڕێوبەری ماڵین نەک کابانی ماڵ، کە دەخوازین کار بکەین هەموو بوار و کون و قوژبنێکی ژیان شوێنی ئێمەشە و دەتوانین تواناکانی خۆمانی تێدا بسەلمێنین، کە کاریشمان دەست نەکەوت، هەرگیز شوناسی کابانی ماڵ و ژنی ماڵ بە قابیلی خۆمان نازانین و پەسەندی ناکەین، بەڵکو بێکارین و بە دوای هەلی کاردا دەگەڕێین.

# مانگی ئۆکتۆبەر، مانگی هۆشیارکردنەوەیە لە شێرپەنجەی مەمك

**شێرپەنجەی مەمک بە باوترین جۆری شێرپەنجەی ئافرەتان دادەنرێت، وە دووەم باوترین هۆکاری مردنی ئافرەتانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان. لە هەر هەشت ئافرەتێک یەکێک تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبێت لە ماوەی ژیانییدا.**

ساڵانە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، مانگی ئۆکتۆبەری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان دەستنیشانکردوە بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی مەمک .

دکتۆرە کەژان پسپۆڕ لە شێرپەنجەی مەمک، باس لەو جۆرەی شێرپەنجە و هۆکار و جۆرەکانی دەکات.

### شێرپەنجەی مەمک چییە و چۆن دروست دەبێت؟

شێرپەنجەی مەمک بریتییە لەدابەشبوونی نائاسایی خانەکانی مەمک و بەشێوەیەکی زیاد لەوەی کۆنترۆڵ بکرێت گەشە دەکات.

مەمک دابەش دەبێت بەسەر خانە بۆری شیر یان لوولەیی" ڕژێنی شیر" ئەمانە دەورە دراون بەخانەی چەوری خانەکان و بە نارێکوپێکی گەشە دەکەن. بەشێوەیەکی نایاسایی مەمک زیاتر لەبۆریەکان یان دیواری بۆری شیر دروست دەبن ئەوانیش یەکێکن لەجۆرەکانی شێرپەنجەی مەمک کە شیری تیدایە، دروست دەبێت.

شێرپەنجەی مەمک دەکرێت لەپیاواندا رووبدات؟

بەڵێ لەپیاوانیش روودەدات بەڵام لەچاو ئافرەتان ڕێژەکە زۆر کەمترە و پیاوان بەرێژەی لە١٪ تووشی شێرپەنجەی مەمک دەبن.

### نیشانەکانی توشبوون بە شێرپەنجەی مەمک چین؟

ئەو نیشانانەی لە ئافرەتان و پیاوانیش روودەدات بریتییە لە " گۆرینی شێوە و قەبارەی مەمک" یان لە یەک مەمک یان لە هەردوو مەمک. جاری وایە یەکێک لەمەمکەکان تووشی گرێ دەبێت بەگوێرەی کەسە دەگۆرێت.

ئاوسانی مەمک کەهەندێک جار قەبارەی مەمکێک لەوەی دیکە زیاتر دەئاوسێت و ئەستور دەبێت یان ئازاری هەیە، هەروەها گرێیەکی هەیە لەشوێنی ئازارەکە شوێنەکەی سوورە دەبێتەوە و خورانی هەیە. شێوەی گۆی مەمک دەگۆرێت و دەچێتەوە ناوەوە، بەڵام ئەمەی کە گۆی مەمک دەچیتە ناوەوە واتە کەسەکە شێرپەنجەی تووشبووە.

ئەگەر ئافرەت لەئاوێنە سەیری خۆی بکات بزانێت مەمکی لەمەمکێکی تری قەبارەو شیوەی گۆراوە، یان گۆی مەمک ئیلتیهاب و خوێنی هەیە ئەوە دەبێت بە زووترین کات سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات و پشکنین ئەنجام بدات.

### ئایا هەموو گرێیەکی مەمک شێرپەنجەیە؟

نەخێرهەموو گرێیەک لە شێرپەنجەدا بوونی نیە، ئافرەت دەبێت زۆر ئاگادار بێت شێوازو چۆنیەتی هەستکردن یان قەبارەی مەمکی، هەروەها مانگانە مەمکی خۆی بپشکنێ لەبەردەم ئاوێنە، هەرچەندە هەندێ مەمک خۆی گرێیە و بەشێوەیەکی سروشتی وایە ئەگەر هاتوو هەستی کرد گرییەکی نائاسایی هەیە ئەو کات دەتوانێت سەردانی دکتوری پسپۆر بکات یان بەسۆنەر و مەمۆگراف یان هەرشێوازێک لەشێوازەکانی تر بۆ ئەوەی بەدەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە بزانێت شێرپەنجەی هەیە یان نا.

### چۆن دەزانین کە توشی شێرپەنجەی مەمک بوین؟

دەبێت ئاگادار بین لە تەندروستی خۆمان، هەروەک ئاماژەمان بە نیشانەکانی کرد بەشێوەیەکی لەناکاو گرێیەک هەبوو گەورە دەبێت هەستمان کرد کە شێوەی مەمکمان گۆراوە دەبێت زووتر سەردانی دکتوری پسپۆر بکەین بۆئەوەی نەخۆشیەکە زووتر دەستنیشان بکرێت باشترە.

پەیدابوونی گرێ بچوک بێت یان گەورە، ئەگەر هاتوو دەستمان لێکرد کە جوڵا نیشانەی ئەوەیە کە شێرپەنجەی نیە ئەگەر گرییەکە لە ژێر دەستمان نەجوڵا ئەوا دەبێت پشکنینی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەهەبوونی شێرپەنجە.



دکتۆرە کەژان

### هۆکاری دروستبوونی شێرپەنجە چیە؟

تەمەن یەکێکە لەهۆکارەنی دروستبوونی شێرپەنجە واتە تەمەن کاریگەری هەیە، لەتەمەنی پەنجا ساڵی بەرەو ژوورتر ئەگەری تووشبوون هەیە، ئەمە نیشانەی ئەوە نیە تەمەنی خوارتر تووش نابن بەڵام رێژەکە لەوان کەمترە. هەروەها بۆماوەیی، سوڕی مانگانە یەکێکی دیکەن لە هۆکارەکانی توشبوون بە شێرپەنجەی مەمک.

**دڵخواز هەولێری - هەولێر**

هەولێر ژمارە (٣٣٤٨) ٢٠٢٠/١٠/٥

# کوشتنی ژنان پەڵەیەك بە ناوچەوانی یاساوە



**بەهرە حەمەڕەش**

ناشــێ کۆمەڵگەیەک بانگەشەی دیموکراســیەت و پێشکەوتن بکات بەڵام تیرۆرکردنی ئافرەتانی تێدابێت، یاســاو دەســەڵاتی جێبەجێکردنیش بەهەند وەرینەگرن، چونکە ئەگەر بەهەند وەریبگرن ئەوا بکوژەکان دەستگیردەکرێن و سزادەدرێن.

ئەگەرچــی ئەنجامدانی توندوتیژی تا رادەی ســڕینە، پەیوەنــدی بە کلتورونۆرمی کۆمەڵایەتی ئەم ناوچەیەوە هەیە کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، کارکردن لەسەر ئەم جۆرە کلتورە پێویســتی بەکاری چرو پــڕو پلانی درێژخایەن هەیە، بەڵام ئەوەی ژیانی مرۆڤــەکان رێکدەخات، ماف بۆ خاوەن ماف وەردەگرێتەوە و تاوانباران ســزا دەدات دەســەڵاتی یاسایە. ئەگەر هەر کێشــەیەک لەم دەسەڵاتە هەبێت ناهاوسەنگی لە کۆمەڵگە روودەدات تا ئاستی دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم کوردســتانی باشور، لەرووی یاساوە خاوەنی باشترین یاسای باری کەســێتییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکرایەوەو تێیــدا گرنگتریــن مافەکانی بــۆ ئافرەتــان دەســتەبەرکرد، بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونــەوەی توندوتیــژی دژی ئافرەتان دامەزران، گەلــۆ وێڕای هەبوونی ئەم گۆڕانکارییە گرنگانە بۆچی هێشــتا ئافرەتان تیرۆردەکرێــت؟ بۆچی گۆڕانکارییەکان هەمــوو بوارەکانــی دەزگا حکومییەکانــی نەگرتووەتەوە، ئایا تا ئەم ســەردەمەش "بەرپرســانێک هەن کــە کوژرانی ژنان رایان ناچڵکێنێ؟". ئایا تا ئێســتاش لە دامو دەزگاکانی جێبەجێکردن پیاوانێک هەن کە پیشــەیی و بابەتییانە کارناکەن و بەبیرو باوەڕ و داب و نەریتی خۆیان دەزگا حکومییەکان بەڕێوەدەبەن؟

کوردســتان لە رووی ئەمنییەوە جێی شــانازییە، لە نــاو جەرگەی ناوچەیەکی پڕ لە کێشــە و هەبوونی جۆرەها گروپی توندڕەو، توانــراوە تا راددەیەک پارێزراوبێت و شەو و رۆژ هاوڵاتیان هەست بەو پەڕی ئاسایش بکەن، بەڵام بۆچی هاوکات ئافرەتان دەکوژرێن و بکوژ دەتوانێ لە ناو هەمان ئەم ســستمە ئەمنییە توندوتۆڵە دەســتگیر نەکرێت؟

توندوتیژی لە هەمووکۆمەڵگەیەک بە فۆرم و شــێواز و هۆکاری جیاواز هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو و هوشیارەکان جۆرەکانی توندوتیژی تا ئەو راددەیە گۆڕاون کە نەک کوشــتن نەماوە بەڵکو توندوتیژی جەستەیی نەماوەو کار لەسەر توندوتیژییە مەعنەوییەکان دەکرێت، چونکە ئەوان درکیان بەوەکردووە کێشــەی ئافرەت کێشــەی کۆمەڵگەیە و ئافرەتــی دواکەوتوو کۆمەڵگەی دواکەوتوو بەرهەم دەهێنێت. ناکرێ لە خێزانێکدا ژن کە یەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خێزانە توندوتیژی بەرامبەر بکرێت، مافی بخورێت و بڵێن ئەمە خێزانێکی تەندروســت و ئارامە، کاتێک کۆمەڵگەیەک ژنی تێدا دەکوژرێت واتە گرفت لە دەســەڵاتی یاسا و جێبەجێکردن، پەروەردەی فەرمی و نافەرمی، دەسەڵاتی ئاین و کلتور هەیە. واتە حوکمـرانییەک هەیە کە تێیدا دەسەڵاتی کلتور و دابونەریت بەســەر دەسەڵاتی یاسادا باڵادەســتە و هێشتا لە حوکمڕانییەکی دیوەخانییەوە نەبووەتە حوکمڕانییەکی دامودەزگایی و مەدەنی، هێشتا کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو نین لەو دام و دەزگایانەی کە پەیوەستن بە کێشەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

راستە ئەولەویەتی کێشەکان بە پێی بارودۆخ و قۆناخەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، بەڵام ناشــکرێت تۆمەتباری کوشــتی دووکچ دوای مانگێک لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە دەســتگیرنەکرێت کە بەپێی لێدوانەکانی پۆلیســی ســلێمانی باوکیــان تۆمەتباری کوشــتنییانەو تا ئێستاش دەســتگیرنەکراوە. ئایا دام و دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی هەســت بە هەبوونی خەلەلێک ناکەن لە وەها حاڵەتێکدا؟!! دەشزانن کاتێک بکوژانی ژنان دەســتگیرنەکرێن و سزا نەدرێن ئەوا رێ خۆشکاری ئەنجامدانی تاوانی تر دەبێت بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و ناوچەیەک کە هێشــتا داب و نەریتی زاڵ تێیدا حوکم دەکات.

هیچ شارێک پێشکەوتوو هیچ کۆمەڵگەیە ئارام و هیچ حوکمڕانییەک مەدەنی نابێت، تا کوشــتنی ئافرەتانی تێدا بەردەوام بێت، هیچ خێزانێک هوشیار نابێت تا ژن تێیدا هوشیار و کارامە نەبێت، هیچ یاسایەک سەروەر نابێت کاتێک بکوژانی ژنان لە سایەیدا حەشاربدرێن. توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان یەک لەو نەنگییانەیە کە تا ئێستا بەرووی دەسەڵاتی حوکمڕانی و کلتوری کۆمەڵی کوردییەوەیە.

پیاوان بە قات لەبەرکردن و ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرز، بە پۆستی فەیسبوک وبەستنی ریباتی سور رۆمانسی مرۆڤ دۆست نابن، ئەوان پێویستە سەرەتا هاوسەنگی ئەرک و ماف لە خێزانەکانیاندا کۆمەڵگەدا بەرقەراردەبێت.

# ئافرەتا شنگالـ



**دلڤین خەلەف**

ل هــەر دەم و چاخەکی بەحس ل زەحمەتیا ژیانا مرۆڤایەتیێ و رەوشــا خراب یــا کۆمەلگەها کوردی دهێتــە کرن ئێکســەر خەلکێ مە یێ شــنگالێ و چاوانیا دەرباســبوونا ژیارا وان یا سەخت و دژوار لبیرا من دهێت و بتایبەت ئەو قوناغێن هەســتیار کو ئاستەنگی د کەفتنە پێشیا ئافرەتا شنگالی دە ژ گەلەک بواران ڤە، لەوما ئەڤرۆ ب فەر دبینم کورتیەکێ ژ وێ زەحمەتیێ ل بەرچاڤ بگرم و ئەوێ هەڤرکیا رۆژانە دایکێن مە دگەل کول و کۆڤانا دکر پێخەمەت سەرفەرازیا خێزانا خۆ د وێ رەوشا ئالۆز و دژوار دە ب کورتی بینمە زمان، ئەوژی وەک ئەرکەکی مرۆڤایەتی کو من ژی دنــاڤ وێ کۆمەلگەهێ دە زەحمەتیا ژیانی ب چاڤێن خۆ دیتی و هەر وەها وەک کەچا شــنگالێ ئەڤرۆ د بوارێ مافێ ئافرەتان دە کارێ خۆ دکەم.

هــەر ژ دەســتپێکا هەبوونــا ژیانێ ل دەڤەرا شــنگال و ئاکنجیبوونــا کوردێــن ئێــزدی ل وێ دەڤــەرێ دوژمن و نەحەزێــن مللەتێ کورد ئەو دەڤەر کرنە ئارمانجا کێشــە و ئاریشــا و نەهێلایە ئارامی لێ پەیــدا بێ و خەلکێ وێ خۆشــیەکێ ژ ژیانا خۆ ببینن و زۆر جاران کرینە گۆرەپانا ململانێ و شــەرو پێکدادان لێ دروستکرینە وتەماکاری ل ئــەرد و مال و مولکێ خەلکێ وێ کرینە و رەوشــا وان یا جڤاکی تێکدایینە، هەموو ژی پێخەمەت دوورکرنا وان ژ ئاخ و وەلاتێ وان بوویە.

دڤــێ ناڤبەرێ دە ئافرەتا شــنگالی ژی یا دوور نەبوویە ژ ڤان کاودانا و ئێش و ئازار و نە ئارامی هەر بەهرا وێ بوویە و رەوشا وێ هاتیە تێکدان و تۆشی نەهامەتێ بوویە و باجا مەزن هەر وێ دایە، بەلێ سەرەرای هندێ ژی ناچار بوەیە ب خۆراگــری تەحەمولا بارگرانیا کاودانا بکەت و روبەروی نەخۆشیا ژیانێ بیە و بسەرفەرازی کەسایەتیا خۆ بپارێزە.

# نەبوونی باخچەی ساوایان و قوتـــــ دروســـ



**بەهۆی بڵاوبونەوە و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەجیهاندا، لەســەرجەم وڵاتان ڕێوشوێن و شــێوازی نوێ گیراوەتەبەر بۆ رێگرتن و کۆنترۆڵکردنی ئەو ڤایرۆسە. لەم نێوەندەدا پرۆسەی خوێندن لەهەموو شوێنێک زیاتر پێویستی بە پارێزی و چاودێری تەندروستی هەیە بۆ ئەوەی منداڵان دووربن لەم ڤایرۆسە.**

ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی پێشــکەوتوو و تەندروستمان هەبێت دەبێــت گرنگیەکی زۆر بە پــەروەردەی منداڵەکانمان بدەین، لەئێستادا بەهۆی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە دەرگای قوتابخانە ن و باخچەی منداڵان داخراون، ئەمە ئەو پرسەیە کە لێرەدا گفتوگۆی لەسەر دەکەین و دەپرسین لەکاتێکدا قوتابی و منــداڵان کە لەماڵەوەن و خوێندن بە ئەلیکترۆنیە دایک و باوک چۆن دەتوانن هاوسەنگی لەنێوان خوێندنی منالەکانیان لەگەڵ کاتی کارکردنی خۆیان بگونجێنن؟

ئەو دایکانــەی فەرمانبەرن چۆن دەتوانن ئەو هاوســەنگیە بکــەن و کاریگەری خراپی لەپەروەردە و فێرکردنی منداڵەکەی نەبێت؟

شیما ئەسعەد، دایکێکی فەرمانبەرە، لەم بارەیەوە پێیوایە؛ دایک کە لە هەمانکاتدا فەرمانبەر بێت بە گوێرەی توانا و کاتی خــۆی دەتوانێت رۆڵی مامۆســتا ببینێــت و منداڵەکەی خۆی فێربکات و پەروەردەیەکی باشی بکات لە ماڵەوە.

**ئەو ئاستەنگەکان چین دێنە پێش دایکی فەرمانبەر لە کاتی نەبوونی باخچەی ساوایان یاخود قوتابخانەکان؟**

لە کاتی نەبوونی باخچەی ســاوایان یاخود قوتابخانە ئەرکی دایکی فەرمانبەر ســەختر دەبێت، لەبەرئەوەی جگە لەئەرکی دەرەوەی دەبێت زیاتــر گرنگی بە فێربوونی منداڵەکەی بدات، هەرچەند پێشــتر ئەو کارەمان هەر دەکرد بەڵام ئێستا هەموو ئەرکەکە لەسەر شــانی دایک وباوکە بەتایبەت دایک وە ئەگەر فەرمانبەربێــت بێگومان کارەکەی قورســترە دەبێت لەلایەک ئەرکی ماڵــەوە جێبەجێ بکات و لەلایەکــی دیکەوە ئاگاداری پرۆسەی خوێندنی منداڵەکەی بێت.

**چی بکرێت بۆئەوەی کاتی منداڵ لەماڵەوە رێکبخرێت؟**

لە بەرهەمان ئەگەر دایکەکە ناچاڕ دەبێت کاتی خۆی دابەش بکات لە سەر سێ کات ئەوانیش بو منداڵەکە کە یاری کردن لە گەڵ و خوێندن و پشودان.

**هەبوونی هەڵبژاردەی زۆر لەماڵەوە وەک تیڤی و تەکنەلۆژیا چ کاریگەری لەسەر منداڵ دروست دەکات؟**

گومان لەوەدا نیە کە دایک وباوک کاریگەریان هەیە لەســەر ئــەم بابەتە ئاســتی خوێندەواری و رۆشــنبیر دایک و باوکی هۆکاری سەرەکیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی منالەکانیان و دەتوانــن زیاتر یارمەتــی منالەکانیان بــدەن لە خوێندن و فێرکردندا.

خاتوو ئاوات عەبدولعەزیز، ســەبارەت بەم پرســە دەڵێت: لــە بەر نەبوونــی دایەنگــە و باخچەی منداڵان لە ئێســتا دا

## ـــــی و دژواریا ژیانێ

زۆر جــارا دیرۆکێ ژی زۆلمــەکا مەزن ل ئافرەتا شــنگالی کریە و رۆلێ وێ د ســەرکەفتنا بارێ خێزانێ و پێشڤەبرنا ئاســتێ پــەروەردا جڤاکــی ل نــاڤ کۆمەلگەهــێ دە ونداکریــە و ژئەگەرێ ڤێ چەندێ تۆشــی دەردەسەرێ بوویە و نەگەهشــتیە ئارمانجێــن خــۆ وەک ئافرەتەکا ئازا و بخۆشــیا ژیانێ شــاد نەبوویە.

بێگومان هەر ل دەســتپێکا شۆرەشێن بزاڤا رزگاریخوازیا گەلــێ کورد ئافرەتا شــنگالی خۆراگــر بوویــە و وەکــو نشــتیمانپەروەرەک بەرگــری ژ خاکێ کوردســتانێ کریــە و بوویــە ئارمانجا سیاســەتا قرێژ یــا رژێمێن ســتەمکار ل عیراقێ و تۆشــی زۆلــم و زۆرداریەکا سەخت و دژوار هاتیە، ژبەر کو داخوازا ئازادیــا ژیانێ کریە کو ئــەو ژی مافێ وێ یــێ رەوا بوویە وەک مرۆڤەک دناڤ کۆمەلگەها کوردەواریێ دە، هەر وسا یا بەردەوام بوویە لســەر بیروباوەرێن خۆ یێن ب هێز هەتا کو ئەو هێرشــا هۆڤانە ژلایێ رێکخراوا تیرۆرســتی یا داعش ڤە هاییە ســەر بازێرێ شنگالێ و ئەوان بێ وژدانا ئافرەتا ئێزدی ل شــنگالێ کریە ئارمانجا هزروبیرێن خۆ یێن پاشڤەمای و بەهزاران کەچ و ژنین بێگونەهـ رەڤاندین و لبازارێ کریــن و فرۆتن ب وان کرین، ئەگەر ژ ڤێ چەنــدێ ئەو بوویە ئافرەتا شنگالی بیروباوەرێن خۆ یێن ئۆلی وەک ئێزدی و نەتەوا خۆ یا کوردی د پاراستن لــەوا هــەر ژ وێ ئەگــەرێ ب هەزاران ئافرەتێن ئازا و سەربلند بوینە قوربانی و وەک دیل و ئێخسیر مانە دناڤ دەستێن وان یێن قرێژدە.

دیســان هــەر ژ ئەگەرێ هێرشــێن وان یێن بێ وژدان ب هەزاران ئافرەت دگەل خیزانێن خــۆ دەربەدەر بوون و ژیانا ب زەحمەتــی دناڤ کەمپــان دە هەلبژاتن و رەوشــا ئاوارەبوونێ و دەردەســەریێ قەبــوول کــرن و بیروباوەرێــن خۆیێن موکوم نەهێلان و خۆ رادەســتی ئیرادا زورداریێ نەکرن.

لێ ســەرەرایی ڤێ چەنــدێ ژی ئافرەتا شــنگالی هــەر مایە جهێ شــانازیێ و ســەرفەرازیا گەل و مللەتێ خۆ و هیڤیا وێ ژی هــەردەم وەلاتەکــی ئــازاد و کوردستانەکا ئاڤەدانە کو چاڤێن خۆ پێ رۆهنبکەت و ئــەو رۆژە ژی یا نیزیکە و ئەم ب ئۆمێدین دێ لسەر دەستێ رێبەرێ گەلێ کورد سەرۆک بارزانی خەونا وێ و هەموو ئــازادی خوازێن مللەتێ مە هێتە جی و ئەو هەموو خوشــک و دایکێن مە یێن ماین د دەســتێن تیرۆرســتێن بێ وژدان دە رزگاربیــن و خەلکــێ مە یێ ئاوارە ب سەربلندی ڤەگەرێتە شنگالەکا ئارام و ئاڤەدان.

## ـــــابخانەکان چ ئاستەنگێك بۆ دایکان ـــــت دەکات؟



قورســیەکی زۆر لە سەر دایک هەیە کە لە هەمان کاتدا فەرمانبەر بێت. ئەو دایکانەی منداڵەکــەی لەماڵەوەیە بــەردەوام هزری لای منداڵەکەیەتــی و بەم جۆرەش لەرووی دەرونیەوە ئاسودە نیە و لەوانەیە کاریگەری لەســەر چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کارەکەشــی دروســت بکات و نەتوانێت وەک پێویســت تەرکیز بخاتە سەر ئەرکەکەی.

منداڵ تا تەمەنی دەگاتە چوار ساڵ زۆر گرنگە نزیکی دایک بێــت و لەگەڵیدا بێت، ئەمە هۆکاری دەروونیشــی هەیە لەســەر گەشــە و پێگەیاندنی هــزری منداڵەکە و هەست بە ئارامی و ئاسودەیی زیاتر دەکات ئاشــکرایە کە هیچ کەس ناتوانێت جێگەی دایک بــۆ منداڵ بگرێتــەوە، منداڵ کاتێک لەگەڵ دایکی بێت هەســت بە ئەمانەتی و بڕوایی دەکات.

لێرەدا پێشــنیارێک دەکــەم کە پێموایە چارەســەرێکی گونجاوە بۆ دایک و منداڵان کــە لەنــاو فەرمانگەکانــدا داینگە هەبێت یاخود باخچەی ساوایان و دایەنگە لە نزیک فەرمانگــەکان بوونیان هەبێــت بۆ ئەوەی دایکی فەرمانبەر زوو بگاتە جێگەی کارەکەی بەمەش دایک زیاتر هەست بە ئاسودەیی و دلنیایی دەکات لــەوەی منداڵەکەی نزیکی خۆی بێت.

> منداڵ تا تەمەنی دەگاتە چوار ساڵ زۆر گرنگە نزیکی دایک بێت و لەگەڵیدا بێت، ئەمە هۆکاری دەروونیشی هەیە لەسەر گەشە و پێگەیاندنی هزری منداڵەکە

دایــک لەبەرئــەوەی ئەرکــی زیاتــری لەسەرشــانە لــەرووی پەروەردەکردنــی منداڵەکانــی بۆیە دەبێت هــەوڵ بدات ئەو ئەرکەش بگرێتە ئەســتۆی خۆی نەهێڵێت منداڵەکــەی لە فێربوون دوابکەوێت، رۆژانە بەرنامە بۆ مداڵەکەی دابنێت کە دابەشــی بکات بەســەر خوێنــدن و یاریــک کردن و پشــوودان، هەروەهــا بتوانێت خۆشــی بەکارەکانــی دیکەی را بــگات و نەهێڵێت کارەکانی رۆژانەی کەڵەکەبن بەسەریەکەوە کــە دوایــی نەتوانێــت وەک پێویســت جێبەجێان بکات ئاگای لەتەندروستی خۆی و خێزانەکــەی بێت بەتایبەت لەئێســتادا کــە کۆرۆنــا بوونی هەیــە و هۆکارێکە بۆ وەســتاندنی بەشــێک لــە کاری رۆژانەی خەڵک.



شیما ئەسعەد

# دیموکراسی و یەکسانی جێندەری



ئیراد منوچر سان احمد

چەقی پرۆســەی دیموکراسی بریتیە لە بەشــداری سیاسی ژن لەناوکۆمەڵگەدا کە پشــت بەرێژەو کارایی ئەوان دەبەســتێت لە کایەی سیاســی و یەکێکە لە ئاماژە پێدەرە سەرەکیان لەسەرکواڵیتی کلتووری دیموکراسی لەحوکمڕانی و دەسەڵاتدا . لەم ڕوانگەیەوە یەکســانی جێندەری بە هەلقوڵای دیموکراســی دادەنرێت چونکە دەتوانێت فەزایەکی گشــتی بــۆ ژن فەراهەم بکات بۆ گفتوگۆ لەســەر مافەکانی بەشــەفافی و گرنگی تەواویش دەدات بە چەمکی تواناســازی ژن بۆ ژن بەجۆرێک دەستی بگات بە مافە سیاسی و مەدەنی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان .

لەبەرئــەوە تواناســازی ئافرەت و یەکســانی جێنــدەری دووپایــەی گرنگن لە پرۆســەی دیموکراســی، وە کواڵیتی دیموکراســیش نابێت تەنها لەرێگەی بوونی دامەزاروەکانــەوە دیــاری بکرێت بەڵکو لە رێگەی مەودای بەشــداریکردنی گروپە کۆمەڵایەتی جیاوازەکانە لە دامەزراوەکاندا، هەرلەبەر ئەمەش دۆزی جێندەر گرنگ و بەهەند وەردەگیرێت و ئامادەنەبوونی ژنیش لە کایەی سیاســی دەرئەنجامەکەی سەردەکێشێ بۆ دیموکراســی نێرینە"male democracy" کەتێیدا زۆرترین ڕووی پیاوە دەدردەکەێت لە پرۆســەکەدا و دادەنرێت بە دیموکراسیەکی ناتەواو. کەواتە بۆ ئەوەی دیموکراســی ڕاســتەقینە بێتە زەمینەی واقیع، چارەنووسی بەستراوە بەمافەکانی ژنەوە. وە هەر کاتێکیش باس لەپرۆســەی دیموکراسی دەکرێت بەبێ بوونــی دامەزاراوەیەکی بەهێز و بەبێ بوونی پرنســیپەکانی بۆ ماف و یەکســانی بۆ هەموو هاونیشــتمانیەک ئەو کاتە ژن بۆ ئەوەی دەســتی بگات بە پرۆســەی دیموکراسی دەبێت باجی زۆر گەورە بدات و لەم حاڵەتەدا ئەگەر هەیە هەر پارتێک کە بنەماکەی باوک ســالاری بێت کاتێک دەگاتە دەســەڵات لەرێگەی هەڵبژاردن و بەپرۆســەی دیموکراســی ئەوا ئەگەری زۆرە ژن پەراوێز بخات و بکەوێتە بازنەی هاونیشتمانی پلە دوو .

لەبەرئەوە ئەگەربەشــێوەیەکی گشتی وێنای سیاسەتمەدارەکانمان بکەین بێگومان زۆرێک لە وێناکردنەکانمان بۆ کاری سیاسەت ژنی تێدا نیە کە ئەمە خۆی بۆخۆی دوورخســتەنەوەی بێدەنگانەی ژنە لە پرۆســەیەکی گرنگ کە ئەویش پرۆســەی بڕیاردانە .

وە یەکێــک لــەو لایەنەگرنگانەی کە ڕۆڵی زیندوو و کاریگەری هەیە لەســەر ژن میدیایە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئافرەت نەیتوانیەوە خاوەندارێتی لە پلات فۆرمی میدیای تەکنەلۆژیا بکات بۆ دەربڕینی بیر و خواســت و داواکاریەکانی. هەروەک دەبینین سەرکردایەتیکردنی سێکتەرەی میدیا ئافرەت لە جیهاندا لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە دەرکەتووە تەنها ٪ ١ ژن لە ڕۆژئاوا ســەکردایەتیکردنی کۆمپانیاکانی میدیا و دیجیتاڵە میدیایەکان دەکات، هەر ئەمەشە وایکردووە زۆرترین ژن ئارەزووی کاری بێژەری بکەن و زۆر بەکەمی ژن لە بوارەکانی هەواڵسازی و کارکردن لەسەر ڕای گشتی جەماوەر کاردەکات .

ئەمەش وێنایەکی گشــتی دەخاتە بەردەســتمان کە پیاو لە میدیا باڵادەســتە و بەکلتووری پیاوســالاری دەناســرێتەوە، و پشتوانیشی لێ دەکرێت لە رێگەی لە قاڵبدانــی جێندەری کــە ئەمەش بێگومان پەراوێزخســتنی دەنگی ژنە، دواتریش کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی چۆن وچەند جارمیدیا تایبەت بێت بەژن بۆ نمونە لە ڕووپێوێکدا دەرکەتووە تەنها لە ٪١٧ لە هەواڵ و چیرۆک و سەرچاوەی زانیاری لــە جیهاندا دەربارەی ژنــە و زۆرێک لە بابەتەکانیش جەخت دەکەنەوە لەســەر ئاهەنگێڕان و بواری وەرزش .

وە لــە کلتــوورو فەرهەنگی سیاســیدا رووماڵی میدیایی زیاتر بۆ ســەرکەوتنی سیاســەت و شەرعەیتەکانی دەســەڵاتداریە، وە زۆرجاریش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژنانی سیاســتەمەدار لە میدیاکانە لەبری ئەوەی شــرۆڤە بــۆ ووتەکانیان بکرێت زیاتر پرســیاکردنە لەســەر ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزان یــان چۆن دەردەکەون و چــی لەبەردەکەن. لەبەر ئەوە پێویســتە لەگەڵ زیادبوونــی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و سۆشــیال میدیا کە هەلــی جۆراوجۆری بۆ ژنان ڕەخســاندووە ژنان دەتوانن خاوەندارێتی لە دانانی بلوگ و ئەکاوەنتی تایبەت بەخۆیان بکەن بۆ خســتەڕووی چالاکی و دانانی کەیســەکان لە ئەجیندای کاری خۆیان بۆئەوەی مشتومڕی گشتی لەســەر بکرێت و گەشــەپێدان بۆ ناوەڕۆکی ووتار و بابەتەکانیان بکەن لەرێگەی پەیوەندیکردن لەگەڵ بازنەی ئینتخابی و جەماوەری بە شێوەیەکی گشتی.

## لە هێلینەوە

– لە شـــاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا پەردە لە ســـەر بوکەڵەیەکی گـــەورە لادرا کە لە شـــێوەی ئافرەتێکی پزیشـــکە و بە دەمامکـــەوە وەک پاڵـــەوان دەردەکەوێت، ژمارەیەکـــی زۆر بووکەڵـــەی بچووکیش لەو شێوەیە دروستکراون بە مەبەستی فرۆشتن، ئەوەش وەکو بەشێک گگلە هەوڵەکانی ئەو وڵاتەیە بـــۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ دەرمان و فەرمانبەرانی کەرتی تەندروســـتی، هەندێک لە راگەیاندنەکان پێیانوایە کە سیســـتەمی تەندروســـتی مەدرید لە نێوان گوشارەکانی دووبارە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆســـی کۆرۆنا لە مەترسیدایە.

– ماوەیەکـــە لە تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی تـــۆڕی کۆمەڵایەتـــی "تویتەر" ژمارەیەک لە ئافرەتانـــی ئێرانی و تەنانەت هەندێک لە پیاوانیـــش ئەزموونی خۆیان لە رووبەڕووبونەوە بە توندوتیژی سێکسی یان پەلامـــاردان دەردەبڕن و رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئەو کەســـانە زیاتر دەبـــن و تەنانەت وەک شـــەپۆلێکی لێهاتووە، هەندێک لەو کەسانە ناوی راســـتەقینەی خۆیـــان بەکارناهێنن، بەڵام هەندێک کەسیش بە ناوی راستەقینەی خۆیـــان ئەزموونـــی " منیـــش توندوتیژیم بەرامبەر کراوە " دەگێڕنەوە.

– خانمە گۆرانیبێـــژی وڵاتی "باربادوس" (ریانـــا) نازنـــاوی دەوڵەمەندتریـــن ئافرەتـــی گۆرانبیـــژی جیهانـــی وەرگرت، "ریانا"،گۆرانیبێـــژ، ئەکتـــەر، دیزاینـــەر و خاوەنـــی براندێکـــی جیهانـــی مکیاجـــە و هەروەهـــا دیپلوماتـــکاری "باربادۆســـە" . "ریانا " تاوەکو ئێســـتا ٦٠ ملیۆن کۆپی لە ئەلبومی ئاهەنگەکانی فرۆشـــتووە، گەشەی ئەم دوایەی سامانەکەی لە کۆمپانیا و براندە بە ناوبانەگەی پۆشـــاک و مکیاج وەدەست هێنـــاوە و ســـەرمایەکەی بـــە ٦٠٠ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەخەملێندرێت.

– لە وڵاتی هیندستان ٤ کەس بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنی بە کۆمەڵ بۆ سەر کچێکی ١٩ ســـاڵان دەســـتگیر کران و کچەکەش بە هۆی ناجێگیربوونی باری تەندروستی گیانی لە دەســـتدا، ئـــەم کـــردووە نارەزایەتی و توورەیـــی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، رۆژی چوارشـــەمە خەڵک رژانە سەر شەقامەکانی شـــاری "نیودلهی"پایتەختـــی ئـــەو وڵاتە و دوای دادپەروەری و سزادانی تۆمەتبارانیان دەکرد، لـــەو نارەزایەتییە ژمارەیەک خەڵک دەســـتگیرکران کـــە دروشـــمەکانیان دژی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتەیە بوو.

– پزیشکانی ئوسترالیا لە لێکۆڵینەوەیەکدا روونی دەکەنەوە کە نەخۆشی دڵ گەورەترین هۆکاری مردنی ئافرەتانە. ئەو نەخۆشییە لە ئافرەتانی ســـەرووی تەمەن ٣٠ ساڵ زیاتر دەردەکەوێـــت و گرنگتریـــن هۆکاریـــش بۆ توشبوون بەو نەخۆشییە "بێ جوڵەییە" لەو لێکۆلێنەوە دەرکەوتووە، کە ئەگەر ئافرەتان جموجۆڵی جەســـتەیی خۆیان زیاتر بکەن، ئەوە بە دڵنیاییەوە کاریگەری زۆری هەیە لە رێگریکردن لە نەخۆشییەکانی دڵ.

ئا: نەسرین حەسەن

## تەکنولوژی و جڤاک

شیما مستەفا

د رۆژا مە ب پێشکەفتا تەکنولوژیێ چ بوار یان لایـــەن نەماینە تەکنولـــوژی تێدا نەبت، هەر ژ ژیێ زاروکینیێ تا کەسێن سال ب سەردا چووی مفای ژ بوارێن جودا جودا یێن تەکنولوژیێ بکار دئینن، چ تەلەفون بیت یان کومپیوتەر یان ژی ئالاڤێن وانا.

بکار ئینانا تەکنولوژیێ کاریگەری ل گەلەک لایەنێن ژیانـــێ کریە ژ وانا ژیارا جڤاکی، کو د دەمەکی دا ئەڤروکـــە پتریا پەیوەندیا ب رێکا تەکنولوژیـــێ دهێتـــە کرن، ژ بـــەری نوکە بو نموونـــە د بیرەوەرییـــێن وەک تازیان بو دەمێ سێ رۆژان خەلک ل مالان کوم دبوو ب مەرەما سەرەخوشـــییێ یان ســـڤک کرنا خێزانا کەسێ مری. بەلێ د رۆژا مە تایبەت پشتی بەلاڤبوونا ڤایروسێ کورونا ئەڤ شـــێوازە هاتنە گهورین بـــو کومبوونێن ئەلەکترونی و جڤاک نەچارێ بوو ب رێـــکا پەیوەندیێن تەلەفونێ یـــان دیدارێن ڤیدیویی سەرەخوشـــییێ ل ئێـــک دوو بکن یان جەژنان ل ئێک پیروز بکن.

جڤاک تایبەت جڤاکێن وەک گەلێ کورد ژ بەر کو پەیوەندییێن وان هەر ژ کەڤندا بهێز بوون ب ساناهی نەبوو ئەڤ پەیوەندیە بکەڤن د قالبەک دی دا لەورا ئەڤە تاقیکرنەک بوو کو د دەمەک کورت دا پەیوەندییێن روی ب روی بهێنە گهورین بـــو ئەلەکترونی و رووبەرێ جڤاکی بهێتە ژ ئێک دویر کرن ڤێ چەندێ هەلبەت ئاستەنگێن خوە هەبوون بەلێ ب بورینا دەمەکێ کورت شـــێواز دێ هێنـــە گهورین و دیارە ئـــەڤ چەندە دێ جهگر بت د پاشەرۆژێ دا.

ژ بـــەری پەیـــدا بوونا پەتایـــێ کورونا ژی زاروکێـــن نفشـــێ نـــوی هەڤنیاســـینەک زوی لگـــەل تەکنولوژیێ کرن مفـــا ژ هەمی ئالاڤێن تەکنولوژیـــێ دیتن. زیان و مفایێن تەکنولوژیێ بابەتـــەک جودایە ژ ڤێ چەندێ بەلێ ئاســـتێ کەلتوریێ سەمیانێن زاروکان کاریگەریا ل سەر وێ چەنـــدێ هەیی کو مفادار بن ژێ یان بتنێ زیانێ ببینن ژ بەر کو ئنترنێت شیانێن لایەنێن باش و خـــراب هەنە و ئەڤە کاریگەریەکا مەزن دئێخنە سەر دەروونیا زاروکان.

# روبار رەشید کاکەیی یەکەم ئافرەتە لەکەرکوك بە زاراوەی ماچۆ گۆرانی دەڵێت



روبار رەشید کاکەیی یەکێکە لەو خانمە هونەرمەندانەی کە تازە هاتۆتە ناو بواری هونـــەر و دەیەوێـــت لەرێگـــەی هونەری گۆرانی وتنەوە خزمەت بە هونەری کوردی بـــکات، لەهەمانکاتدا هانـــی ئافرەتانیش دەدات زیاتـــر بێنە ناو هونـــەر بۆئەوەی وەک ئافرەتانی جیهـــان بتوانن لەرێگەی هونەرەکانیەوە کلتور و شوناســـی خۆیان بەجیهان بناسێنن.

روبـــار رەشـــید تەمەن٣٣ســـاڵ، لەدایکبووی شاری کەرکوکە ودەرچوی ئامادەییە. خاوەن ٣منداڵە بەپاڵپشتی خانەوادەکـــەی بۆتە هەنەرمەند وەکو خۆی ئامازەی پێ دەکات دەیەوێت لـــە رێگـــەی هونـــەرەوە پەیامی کاکەیەکان بگەیەنێتە جیهان.

روبار دەڵێـــت :هەڵبژاردنی کاری هونەریم بـــۆ گەیاندنی دەنگـــی کاکەیی بوو چونکە دەبینیم لە ســـاڵی ٢٠٠٣وە بـــە بەردەوامـــی خەڵکی ئێمـــەی کاکەیی شـــەهید و برینـــدار و مـــاڵ وێران دەکرێن، منیش دەمەوێت لەرێگـــەی هونـــەرەوە کارەساتەکان بخەمە ڕوو.

ســـەبارەت بـــە هەڵبژاردنـــی زاراوەی ماچـــۆ، روبـــار بـــۆ دوو لایەنـــی دەگەڕێنێتـــەوە لایەنی یەکـــەم زاراوەی تایبەتی خۆمانە، دووەم زیاتـــر زیندووکردنەوەی زاراوەکەیە لە سنورەکە.

روبار رەشـــید باس لە شـــێواز و گرنگی ئەو کارانەی دەکات کە بە ئەنجامیـــان دەگەیەنێت و دەڵێت: کارەکانی مـــن پەیامی سیاســـین، هەتا ئێســـتا دوو بەرهەمـــم بە ڤیدیـــۆ کلیپ هەیە کە یەکێکیان ژێرنووسی ئینگلیزییە بەنـــاوی هاواری کاکەیی ئەو دیکەشـــیان بەناوی ناسنامە کە ژێرنووسی عەرەبی بۆ دەکەین.

روبار بە گرنگی دەزانێت ئافرەتان بێنە نـــاو کاری هونەرییەوە و بەربەســـتەکان تێکبشـــکینن، بۆچونی وایـــە کە ئافرەت دەتوانێت ئەو کارە بکات. بۆ نمونە ئێستا من یەکێکم لەو کەسانەی ڕێچکەم شکاند و کارەکانم لە ســـەر ئاستی نێو دەوڵەتی دەنگدانەوەی بەدوای خۆی هێنا.

روبار رەشـــید دەڵێت بەرهەمەکانی من جیاوازترە لەبەرهەمـــی هونەرمەندەکانی دیکە، من لـــە کاری هونەری ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆم گرتـــووە ئەویش گەیاندنی پەیامە، هەروەها مـــن دەمەوێت تەنها لە بـــواری نەتەوەیی و نیشـــتمانی کاربکەم چونکە هەســـت دەکەم لەئێستادا بۆشایی هونەری نەتەوەیی هەیە.

هەموو کەســـێک پێویستی بە پاڵپشتی و هاندان هەیە بۆئەوەی سەرکەوتوو بێت، روبار رەشـــید لەم بارەوە دەڵێت: ئەوەی کە پاڵپشتی سەرەکیمە لە ڕووی ماددی و مەعنەویهوە هاوسەرەکەم هەژار ڕەشید کە بەردەوام هانم دەدات کار بکەم، سوپاسی دەکەم کە لـــە هەمـــوو کارەکان لەگەڵم دەوەســـتێت. لە ڕووی ئاواز و میوزیکیش هـــەردوو هونەرمەند ئەحمـــەد هەیاس و ئیبراهیم فەتاح هاوکاریم دەکەن.

ئا: ئارین عەبدولخالق



ناسک سەعید
naskasaeed80@gmail.com

شەیما مستەفا
seymamustafa331@gmail.com